Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.Conf-Sajade,22

# ئەرشیفکردن لە بەرهەمەکانی علادیین سەجادییدا

عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف

بەشی کوردی // کۆلێژی زمان // زانکۆی سلێمانی

*Article Info*

Received: May,2022
Accepted : June, 2022
Published :October 2022

*Keywords*

Archivization ،lexicon ، phonological information ، synset

Corresponding Author

Abduljabar.maroof@univsul.edu.iq

**پوختە**

توێژینەوەکە لە بەئەرشیفکردنی ئەو کەرەستانەدا دەسوڕێتەوە، کە دەربارەی پێکهاتەکانی زمانن، واتا ئەو کەرەستەو توخمانەی کە زانیاریی فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی و واتاییەکانیان تێدا هەڵگیراوە، چونکە پاراستنی توخمەکانی ئەو پێکهاتانە سەرەڕای پاراستنی کۆزانیاریی زمانییەکان، هەر ئاواش پاراستنی کۆزانیاریی نازمانییەکانیشی لێدەکەوێتەوە، ئەویش لەبەرئەوەی توخم و کەرەستە زمانییەکان کۆی ئەو زانیاریانە لە خۆیاندا گەنجدەکەن(خەزەندەکەن). بۆیە لە لەناوچوونی هەر کەرەستەو توخمێکی زمانەکەدا کۆزانیاریی زمانیی و نازمانیش لەناودەچن. ئەگەرچیی کاری بەئەرشیفکردن کاری دەزگای فەرهەنگییەو پێواژۆی زانستیی تایبەت بە خۆی هەیە، بەڵام لە نەبوونی ئەو دەزگایەو دواکەوتنی کاری فەرهەنگسازییدا، دەبێت پەناببرێتە بەر ئەو تۆمارانەی بە نوسیین زانیارییەکانیان بۆ قۆناغەکان ئەرشیفکردووە، بۆ ئەوەش لەم توێژینەوەیەدا پشت بە ئەو بەرهەمانە ئەدەبییەکانی عەلادیین سەجادیی دەبەسترێت و ڕۆڵی لەو پرۆسە گرنگە فەرهەنگسازییەدا نیشاندەدرێت. ئەرشیفی فۆنۆلۆژیانەو ئیدییەم و مۆرفۆئدیەمیی و زانیاریی وشەیی بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە بەکاردەهێنرێن.

## پێشەکی:

توێژینەوەکە بۆ ئەرشیفکردنی زمانی تەرخانکراوە، بە جۆرێک سەرەتا لە ناو خودی زماندا تاقیدەکرێتەوە، پاشان لەناو دەق ئەدەبی ، دواتر دەچێتە سەر ئەو دەقانەی عەلادیین سەجادیی. ڕوانگەی کارکردنەکە گشتییە و فرە ڕەهەندە لە وەرگرتنی داتادا، بەڵام کەرەسەرەکییەکە لە لای سەجادییەو لە بەرهەماکانیدا زۆرترین کەرەستە لە کورتە چیرۆکی (ڕۆنە زەنگی حمە سەن)ەوە وەرگیراون و چەند نموونەیەکی کەم لە ڕشتەی مرواریی وەرگیراون. هەر پەیوەست بە کەرەستەکانەوە، توێژەر تەنها داتای پێویستی بۆ خستنەڕووی بنەمای توێژینەوەکەی خستووەتەڕوو، تا ببێتە پێگەیەک بۆ کاری فراونتر لەو بوارەدا، بۆیە توێژینەوەکە بنەماییەو ڕۆنەچوەتە کۆی داتاکان لە دەقە ئەدەبییەکانی سەجادیی. ڕێبازی توێژینەوەکە وەسفیی و کەمەکیی شیکارییشە. بەش و پارەکان بۆ کەرەستەی ئەرشیفی لە خودی زماندا و پاشان لە ئەدەب و دەقەکانی سەجادییدا دەبەشکراون. لە کۆتاییشدا پوختەی ئەنجامە بەدەستهاتووەکان خراونەتەڕوو.

## چەمکی ئەرشیفکردن (Archivization)

بەئەرشیفکردن پرۆسەیەکی پێش_نوسینەوەی فەرهەنگییەو خۆی لە تۆمارکردنی داتاو کەرەستاکاندا دابینێتەوە. بە جۆرێک پەسنکردنی زمان و تۆمارکردنی کەرەستەکانێتی لە قۆناغێکی دیاریکراودا. ئەویش لەبەرئەوەی فەرهەنگ و نوسینەوەی فەرهەنگ جڵەوو ڕکێفی زمان لە قۆناغێکدا دەگرێت، بۆ ئەوەش بەئەرشیفکردنی داتاو کەرەستەکانی دەستەبەری دیاریکردنی قۆناغەکە دەکات.

چەمکەکە بۆ پاراستنی داتاو کەرەستەکانە لە قۆناغێکی مێژوویدا، تا لە ترسی فەوتان و لەناوچوون بپارێزرێت. ئەوەش دوو ڕوانگەی هەیە: (ا) نوسراوێک یان ئامێرێک دەقەکان لە سەردەمێکدا تۆماربکات و زانیارییە زمانییەکان (فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی و واتایی) لەو قۆناغەدا بپارێزێت، پاراستنەکە بۆ جڵەوگرتنی ئەو زانیارییە زمانیانەیە لەو قۆناغەی تێیدا تۆمارکراوە. (ب) خودی زمان پێواژۆیەکە ئەرشیفکەرە، ئەویش بەو پێیەی توخمەکانی زمان لەناو خۆیاندا زانیارییەکان گەنج دەکات، لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر خەرمانی زانیارییەکان دەگوێزێتەوە.لەو بوارەوە بڕوانە :

https://www.oxfordhandbooks.com/view/10.1093/oxfordhb/9780190610029.001.0001/oxfordhb-9780190610029-e-18). بۆ نموونە مەودای بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتیی ئێمە لە دروستکردنی سێتێکی واتایی/سینۆنیمی (synset) لە وشەوە دەناسرێتەوە، بە جۆرێک توخمە نوێکان دەرخەری بەهەی سەردەمەکان دەربخەن. بڕوانە نموونەکانی (١)، کە گۆڕانی سەردەمی وشەکان گۆڕانی بۆچوونە کۆمەڵایەتییەکە دەردەخات.

١ (ا. شەل ← کەمئەندام ← خاوەن پێداویستی تایبەت

ب. ئاوس ← حامیلە ← دووگیان

لە نموونەکانی سێتێکی سیمانتیکی لە گۆڕانی قۆناغەکانی بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتیی (شەل)و (ئاوس) نیشان دەدات. لە سەرێکەوە دەقێکی نوسراو لە ڕابردووەوە ئەوە دەپارێزێت و دەسەلمێنێت، کە پێشتر توخمەکە فۆرمێکی جوانبەخش و گونجانی کۆمەڵایەتیی تێدا ڕەچاونەکراوە، سەردەمەکانی دواتر بەرهەمهێنەری (کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت)ە، واتا توخمەکە و گۆڕانە فۆرمییەکانی سەردەماکان دەردەخات. هەمان شتیش بۆ نموونەکانی (١- ب) دەستدەدات، چونکە لە هەنگاوە مێژووییەکەی فۆرمگۆڕینەکەدا بەهای کۆمەڵایەتیی و مرڤایەتیی قۆناغەکان ئەرشیفکراوە. لە سەردەمێکدا ئاوس ئارگومێنتی بەهای تێدا جیانەکراوەتەوە، توخمێک بۆ نیشانەکانی [+/- مرۆڤ] دارێژراوە، حامیلەو دووگیان بەتەنها توخمی [+ مرۆڤ] یان لە خۆیاندا هەڵگرتووە، ئەرشیفکردنەکە زانیارییە کۆمەڵایەتییەکەی وشەکان یان دەقێکی نوسراو لە سەردەمێکدا دەیپارێزێت، یان مانەوەی سێتیی واتایی وشەکە قۆناغەکانی دیاریی دەکات بە جۆرێک سێتەکە.

## ئەرشیفکردن لە سایەی نەبوونی فەرهەنگی نوسراودا

بەڵگەو نموونەکانی (١) ئەوەیان دەربڕی، کە خودی زمان دەتوانێ لە ناو کەرەستەو توخمەکانیدا زانیارییەکان بپارێزێت، چونکە بۆ نموونە زمان و فەرهەنگەکەی پێشەوەی نوسراوێک/ پەرتووکێک بێت، خۆی لە ناو زماندا فاکتەرێکی پاراستن و گەنجکردنی زانیارییەکانە. لەبەر ئەوەی فەرهەنگ (Lexicon)لە($X^0$) ەکانیدا گەنجکەری زانیارییە فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی و واتاییەکانە بڕوانە (٢)، بۆیە پاراستنی($X^0$) ەکانی ناو فەرهەنگ دەبێتە هۆی پاراستنی کۆی ئەو زانیاریانە. بۆیە فەرهەنگێکی نەنوسراو زامنی مانەوەی توخمەکانی فەرهەنگ و زانیارییە تیاهەڵگیراوەکانیشی ناکرێ .

(٢)




تاقیکردنەوەی زانیارییەکان پەیوەست بە نواندنەکەی (٢) لەسەر یەک لێکسیمەکان دەبێت، چونکە ئەوانە توخمی ڕەسەنی فەرهەنگن و پێوەری ئەو زانیاریانەوەو پێوەری گۆڕانکارییەکانیشن لە ڕێزمان و لە گۆڕینی سەردەمەکانیشدا. ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت، کە: (ا) گۆڕانکاریی زانیارییەکان ڕەهەندێکی ڕێزمانیی هەیە، (ب) لە گۆڕانی سەردەمدا پێشبینیی گۆڕانی زانیاریی زمانیی و نازمانیش دەکرێت.

ڕەهەندیی ڕێزمانیی بۆ گۆڕانکاریی لە زانیارییەکاندا بۆ بەڕێزمانبوونی($X^0$) ەکان دەگەڕێتەوە، لەو ڕوانگەیەوە گەر($X^0$) ی فەرهەنگیی ببێتە($X^0$) ی مۆرفۆلۆژیی (واتا ببێتە هەڵگوێزراو یان لێکدراو)، ئەوا پێشبینیی گۆڕینی کۆی ئەو زانیاریانە دەکرێت، کە لە($X^0$) ە فەرهەنگییەکەی (٢)دا نوێنراون. بڕوانە نموونەی (٣)، کە تێیدا گۆڕینی مۆرفۆلۆژیانەی فۆرمێک دەبێتە هۆکاری گۆڕانی سەرتاپای زانیارییەکان.

٣) جوان($A^0$) ← جوانیی ($N^0$)

ئاوەڵناو ← ناو

سادە ← هەڵگوێزراو

فرێزی ئاوەڵناویی بەرهەمدەهێنێت ← فرێزی ناویی بەرهەمدەهێنێت

حوکمدەکات و دۆخدەدات ← حوکمدەکرێت و دۆخ وەردەگرێت

خۆی هێزکۆتایە ← پاش گۆڕانی فۆرمەکەی هێز دەبێتەوە بە کۆتایی

ئاوەڵناوی چۆنێتییە ← پرۆسەی ئاوەڵناوییە

نموونەو گۆڕانی زانیارییەکان لە پای گۆڕانی مۆرفۆلۆژیانەی (جوان بۆ جوانیی) لە ناوخنیی زمان و داتاکەیدا گەنج دەکرێت و خودی زمان لە

پێکهاتەی فەرهەنگەکەیدا دەیپارێزێت، واتە خودی زمان لە خۆیدا زانیارییەکان ئەرشیف دەکات، نوسینەوەی فەرهەنگی زمان بۆ تۆمارکردنی زانیارییەکانە لە قۆناغیکدا تا دواتر لە گۆڕانکارییەکانی سەردەمان و قۆناغەکانی تر پەی بە گەشە یان گۆڕانی زمانی ببرێت.

نموونەی (٣)و جێبەجێکردنەکەی ئەوە دەردەخات، کە توخمی ڕەسەنی فەرهەنگی پارێزەری زمانێکە، بە جۆرێک (ا) ئەو زانیاریانەی لە (٢) نوێنران زانیاری ڕەسەنی ناو ئەو توخمە ڕەسەنانەیە، (ب) ئەو توخمە ڕەسەنانە پێوەری ستانداری زمان و دیاریکەری گۆڕانی ناو پێواژۆی بەڕێزمانبوونن (grammaticalization).

## زانیاریە فۆنۆلۆژییەکان

فۆنۆلۆژیی خۆی بە پێواژۆو کەرەستەو بەرهەمهاتووە فۆنۆلۆژییەکانەوە خەریک دەکات. توخم و کەرەستەکان فۆنۆلۆژییەکان دیو و نواندنی فەرهەنگیان هەیە. ئەویش لەبەرئەوەی پەیوەست بە فۆنۆلۆژییەوە زانیاری ستانداردو ڕەسەن لە یەک لێکسیمەکاندا بەرجەستە دەبێت. لەبارەی ئەرشیفکردنی فۆنۆلۆژییانەوە بڕوانە: https://files.eric.ed.gov/fulltext/ED102825.pdf. لەبەر ئەوەی فۆنیمەکان بەکارهێنانی سەربەخۆیان نییە، بۆیە نواندنی فۆنیمە فەرهەنگییەکان لە یەک لێکسیمەکاندا سنووری فۆنۆلۆژیی فەرهەنگی دیاریی دەکات. کەواتە فۆنۆلۆژیی فەرهەنگی بۆ نیشاندانی فۆنۆلۆژیی ئەو توخمانیە کە خۆیان لە چێوەی فەرهەنگدان. بەوەش فەرهەنگ یەکەم ئاستی نواندنی فۆنیمی دەبێت، ئاستەکانی نواندنی فۆنیمەکە لەناو مۆدێلی ڕێزماندا دەبێت. ڕێزمان جگەلەوەی بۆ نواندنی زانیاریی فەرهەنگییە، هەر خودی ڕێزمانیش نواندنی تایبەت بە خۆی دەبێت. بۆ لێکدانەوەی فۆنۆلۆژیی ڕێزمانیی بڕوانە خشتەی (١)

| فەرهەنگ | مۆرفۆلۆژیی |
|---|---|
| س ← دەست | دەزگا، دەزگرە، دەزگیران |

خشتەی (١)

وەک لە خشتەکەدا دەردەکەوێت، نواندنە فەرهەنگییەکەی فۆنیمی /س/ لە توخمە یەک لێکسیمی <دەست> بەرجەستە کراوە، وشەکە ڕەسەنێتیی فۆنیمەکەی پاراستووە، بەڵام وەک لە پێکهاتە مۆرفۆلۆژییەکەدا دەرکەوتووە، فۆنیمەکە بە نواندنە مۆرفۆلۆژییەکەوە دەرکەوتووەو پێواژۆیەکی مۆرفۆفۆنۆلۆژیی بەرهەمهێناوە، کە /ز/ە. واتا /ز/ نیشانەکردنی مۆرفۆلۆژیانەی /س/ە. کە ئەگەرچی بە پێواژۆیەکی فۆنۆلۆژیی گۆڕاوە، بەڵام [ز] فۆنەو بووەتە فۆڕمێکی فۆنەتیکی فۆنیمی /س/. بە واتایەکی تر مۆرفۆلۆژیی لەم بارەدا ئەرشیفی فۆرمی فەرهەنگیی /دەست/ی نەکردووە، چونکە فۆنەتیکیانە [دەز] لە فۆڕمە مۆرفۆلۆژییەکەدا دەربراوە. مۆرفۆفۆنۆلۆژیی پەیوەندییەکی دوودیوی مۆرفۆلۆژیی و فۆنۆلۆژییە، ئەگەرچی مۆرفۆلۆژییەکە بۆ دروستکردنی فۆرمی نوێ بە واتای نوێوە بۆ فەرهەنگ دەگەڕێتەوە، بەڵام مەرج نییە فۆنۆلۆژیی کەرتیی/ فۆنیمی بە بازنەیی (cyclical)بۆ فەرهەنگ بگەڕێتەوە :cyclical). واتا ئەو ئەنجامەی لە بەڕێزمانبوونی فۆنۆلۆژییدا بەدەستدێن، بە گۆڕانکارییەکانەوە بگەڕێتەوە بۆ فەرهەنگ. بۆ زانیاریی زیاتر لەو بارەیەوە بڕوانە: https://www.researchgate.net/publication/330486254_Lexical_Phonology_Revisited، بۆ نموونە بەکارهێنانە فراوانەکانی دەزگا ئەگەری بەلێکسێمبوونی لێدەکرێت، بۆیە پێشبینیی ئەوە دەکرێت، /س/ بە /ز/ بۆ فەرهەنگ بگەڕێتەوە (.واتا فەرهەنگ فۆڕمە نوێیە مۆرفۆلۆژییەکە بە فۆنۆلۆژیی نوێوە وەرناگرێتەوە، بۆیە دەبێت بەرهەمهاتووە مۆرفۆلۆژییەکە نواندنێکی فۆنۆلۆژیانەشی هەبێت. نموونەکەی (٤) بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو گریمانەیە دەهێنرێنەوە.

٤)

| | | |
|---|---|---|
| دەست | دەستگا<br>دەستگیران<br>دەستگرە | دەزگا<br>دەزگیران<br>دەزگرە |
| فۆنۆلۆژیی<br>فەرهەنگیی | فۆنۆلۆژیی<br>مۆرفۆلۆژیی | فۆنەتیکی مۆرفۆلۆژیی |

لە نموونەو نواندنەکەی (٤)دا فۆڕمی فەرهەنگیی فۆنێمی /س/ لە وشە فەرهەنگیی <دەست>دا بەرجەستەکراوە، بەڵام لە /دەستگا/دا فۆڕمەکە لە ڕێزماندایە/ لە مۆرفۆلۆژییدایەو بەرجەستەکردنی فۆنۆلۆژییە فەرهەنگییەکەیە، کە قۆناغێکی پێش دەربڕینی فۆنەتیکیەنەی فۆڕمەکەیە، بەوەش فۆنۆلۆژیی کەرتیی بە سێ قۆناغی تێپەڕیوە: فۆنۆلۆژیی فەرهەنگیی_ فۆنۆلۆژیی مۆرفۆلۆژیی_ فۆنەتیکی مۆرفۆلۆژیی. شیکردنەوەکە دەیەوێت بەوە بگات، کە: (ا) ئەرشیفی فۆنۆلۆژیی فۆنیمە کەرتییەکان لە فەرهەنگ و فۆنۆلۆژیی فۆڕمە مۆرفۆلۆژییەکاندایە، (ب) دەربڕین و فۆنەتیکی فۆڕمە مۆرفۆلۆژییەکان هەرچەندە یاسابەندە، بەڵام پلانی فۆنۆلۆژیی زمان ناپارێزێت، ئەویش لەبەر ئەوەی ڕۆشتنی کات و تۆمارنەکردنی فۆڕمە فۆنۆلۆژییەکەی وادەکات فۆنەتیکەکەی جێی بگرێتەوە .

وەک پێشتر ئاماژەی بۆکرا زمان خۆی جێی ئەرشیفکردن و پاراستنی ئەو زانیاریانەیە کە لە (٢)دا خرانە ڕوو، بەڵام جێگیرنەکردنی فۆرمی فۆنۆلۆژیی بەرهەمهاتوویەکی مۆرفۆلۆژیی لە سەردەمێکدا فۆرمەکە بە فۆرمی فۆنەتیکییەوە ئەرشیف دەبێت ئەو دەم سینکرۆنیی توخمەکە بە زانیاریی فۆنۆلۆژیی نوێوە تۆماردەبێت/ دەبێتە لێکسێم. لەبەرئەوەی بەلێکسیمبوون پاش قۆناغی بە ڕێزمانبووبە، بۆیە پێشبینی گۆڕانی زانیارییەکانی تێدا دەکرێت، بۆ نموونە پەیوەست بە فۆنۆلۆژییەوە وەک پێشتر لە (٣)دا ئاماژەی بۆکراو لە (٤)شدا خرایە ڕوو گۆڕانی کەرتیی لە بەلێکسێمبوودا بازنەیی نییە، چونکە لەو ڕوانگەیەوە فۆنۆلۆژیی فۆڕمە بەلێکسێمبووەکە دەبێت فەرهەنگیی بێت، بۆ نموونە وەك (دەست و دەستگرە)، بەڵام پەیوەست بە ناکارتییەوە، ئەگەرچی هێز (stress) لە کۆتایی وشە فەرهەنگییەکەدایە، بەڵام لە بەلێکسێمبوونی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییشدا مەرجە هێزەکە بچێتەوە کۆتایی فۆڕمە بەلێکسێمبووەکە، بەوەش فۆنۆلۆژیی ناکارتیی بە پێچەوانەی کەرتییەوە بازنەیی دەبێت، چونکە بە هێزکۆتاییەوە دەچێتەوە فەرهەنگ، لە کاتێکدا کەرتییەکان ڕێ بە گۆڕان نادەن. سەرەڕای ئەو ڕوونکردنەوانە کات/زەمەن و ئەرشیفنەکردنی فۆنۆلۆژیی کەرتیی لە خودی زماندا وادەکات فۆڕمە گۆڕاوە کەرتییەکە ببێتە لێکسێم و بازنەیی بگەڕێتەوە بۆ فەرهەنگ. بۆ نموونە ئەگەرچی قۆناغی فۆنۆلۆژیی <دەست - دەستگا – دەزگا> ڕوون و ئاشکرایەو بە سینکرۆنی قۆناغەکانی دەناسرێتەوە، بەڵام <دەزگا> فۆڕمە چالاکەکەیەو خەریکە بە فۆڕمە فۆنۆتیکەکەیەوە بێتە لێکسێم (بۆ دەزگیران و دەزگرە)ش، هەمان پێواژۆ ڕاست دەردەچێت،

کەواتە پێشبینی دەکرێت، هەنگاوی فۆنۆلۆژیی فۆرمە فۆنۆلۆژییەکە بسڕێتەوەو بە سینکرۆنی فۆرمە فۆنەتیکەکە جێیبگرێتەوە. وەک ئاماژەی پێدرا ئەو نموونانەی هێنرانەوە، ڕوون و ئاشکران و هەرسێ قۆناغەکە دەناسرێتەوە، بەڵام نموونەیەک لە فۆڕمی فەرهەنگییەوە ببێتە فۆڕمی فۆنەتیکی مۆرفۆلۆژیی، واتا لە قۆناغی یەکەمەوە بۆ سێهەم بچێت، ئەوا بە ئاسانی گۆڕان و پێواژۆ فۆنۆلۆژییەکە ناناسرێتەوە. هەر لەو ڕوانگەیەوە نموونەکانی (٥) بۆ بۆ تاقیکردنەوەی نواندنی فەرهەنگیی /ش/ە لە نێوان ئەو سێ قۆناغەدایەو بە سینکرۆنیی فۆڕمی گشت قۆناغەکان ئاشکران و دەناسرێنەوە .

٥)

| | | |
|---|---|---|
| بەش | بەشدار | بەزدار |
| پشت | پشتدەر | پژدەر |
| پێش | پێشمەرگە | پێژمەرگە |
| فۆنۆلۆژیی فەرهەنگیی | فۆنۆلۆژیی مۆرفۆلۆژیی | فۆنەتیکی مۆرفۆلۆژیی |

سەرەڕای مانەوەو بەئەرشیفبوونی قۆناغەکان لە (٥)دا، کەچی بەرجەستەکردنی فۆڕمە لە ڕێنووسی ئێستای زمانی کوردییدا ئەگەری چەسپاندن و بەباوبوونی فۆڕمە فۆنەتیکییەکانی زیاتر کردووەو واشدەکات بە ئێستایی/سینکرۆنیی سەگمێنتەکانیان جیانەکرێنەوەو هەڵسوکەوتی سادە بکەن، چونکە وەک ئاماژەی بۆ کرا، سەگمێنتی /دەست/ لە مۆرفۆلۆژییدا دەبێتە [دەز] بڕوانە نموونەی بەرجەستەکردنی هەندێک توخم لە نوسینی ئێستای زمانی کودییدا .

نموونەو وێنەو داتاکانی ڕێنووسی زمانی کوردیی ئەوە دەردەخەن، کە ڕێنووسەکەو بەرجەستەکردنی لەلایەن ئاخێوەرەوە فۆنەتیکیانە بێت، ئەوش لەبەر ئەوەی: (ا) چۆن دەردەبڕێت ئاوا دەنوسرێت، بەوەش ئەرشیفەکە فۆنەتیکیانە دەبێت، نەک فۆنۆلۆژیانە، ئەگەرچی دەربڕینی فۆنەتیکیانە بۆ ئاخێوەری زمان ئازادانەیە، بەڵام تۆماری فۆنۆلۆژیانە پارێزەری گشتێتییە لە زماندا، (ب) ئەکسێنتی ئاخێوەر دەچێتە نێو ڕێنووسەکەوە. ئەکسێنت دەربڕینی فۆنۆتیکیانەی توخمێکی فۆنۆلۆژییە بەپێی دیاکێکت جوگرافیی و کۆمەڵایەتیی، واتا ئەکسێنتەکە دیوە دەربڕاوەکەی فۆنۆلۆژیی زمانە.(بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ئەکسێنت بڕوانە (دڵشاد محەمەد غەریب(٢٠١٩: ١٨٠) و ئەو سەرچاوانەی لەوێدا بەکارهاتوون)) بەوەش تۆماری ئەکسێنت لە فەرهەنگدا (lexicon) بەهۆی ئەوەوە دەبێت، کە دەربڕینی فۆڕمە زمانییەکە بەئەلفوبێی فۆنەتیکی تۆماربکرێت، بەڵام لەبەرئەوەی فەرهەنگ (lexicon) بۆ تۆماری زانیاریە فۆنۆلۆژیی و فۆنەتیکییەکانی زمانی ستانداردە، دەبێت تۆماری ئەو دەربڕینانە لە چێوەی فەرهەنگی نەتەوایەتییدا جێگایان بکرێتەوە. فەرهەنگە نەتەوایەتییەکە شازانیاریی تایبەت بە کۆی زمانی کوردیی تێدایە، ئەگەرچی پەیوەست بە ڕێزمانەوە هاوبەشی هەیە، بەڵام دەربڕینەکان سیماو کەسێتیی زارو وچەزارەکان دەپارێزێت. (لە پاری داهاتوودا ئەرشیفکردنی فۆنۆلۆژیی لای عەلادیین سەجادیی).

وەک ئاماژەی پێدرا زمان خۆی لە ناو داتاو کەرەستەکانییدا ئەرشیفی زانیاریە زمانییەکان دەکات، بۆ ئەوەش بەڵگەکان لە ناو فۆنۆلۆژییدا هێنرانەوە. هەر لەو ڕوانگەیەوە لەبەرئەوەی مۆرفۆلۆژیی مامەڵە لەگەڵ فۆڕمی مۆرفۆلۆژیی چەسپاودا دەکات، بۆیە لە ناوەخنیدا وشەکانی زمان دەپارێزێت. لەبەر ئەوەی لە دروستەو فۆڕمە مۆرفۆلۆژییەکاندا واتای دەرکردەکان بۆ ئاخێوەری زمان گرنگ و پێویستن، بۆیە ئەوەی لە ناوەوەی دروستەکاندان، زۆر جار یان واتاکەیان بە سینکرۆنیی ناڕوون دەبێت، یان دروستەی ناوەوەی فۆرمێکی مۆرفۆلۆژیی دەبێتە مەنزڵگەی پاراستن یان نواندنی واتایی وشەکە. پەیوەست بەوەی یەکەم: ئەگەر بڕوانرێتە وشە مۆرفۆلۆژییەکانی <گورجوگۆڵ، سپیوسۆڵ> ئەوا دەردەکەوێت، ناوەوەی وشە بەرهەمهاتووەکەدا <گۆڵ و سۆڵ> ئەگەرچی بە سینکرۆنیی واتایان ناڕوونە، بەڵام لە ناو دروستەکەدا خۆیان و سەنگییان پارێزراوە. هەروەها پەیوەست بە دووەمەوە: ئەگەر بڕوانرێتە لێکسێمی <جوان> لە فۆڕمە مۆرفۆلۆژییەکانی <جوانەگا، جوانەمەرگ>دا، ئەوا دەردەکەوێت، بەرجەستەکردنی <جوان>ە فەرهەنگییەکە لە فۆڕمە مۆرفۆلۆژییەکەدا بۆ بەشێك لە واتا شاراوەکەیەتی، واتا مۆرفۆلۆژیی مارکەی لە یەکێک لە کۆنیشانە واتاییەکەی ناو <جوان> داوە، کە تەمەنە. بەوەش فۆڕمەمۆرفۆلۆژییەکانی <جوانەگا، جوانەمەرگ> زانیاریی واتایی تایبەت بە تەمەنی ئەرشیفکردووە، هەروەها دنیابینییە ئێرانییەکەی لە وشەکەدا بۆ زمانی کوردیی گواستووەتەوە)بۆ واتای وشەی <جوان> لە زمانە ئێرانییەکاندا بڕوانە :

https://abadis.ir/fatofa/%D8%AC%D9%88%D8%A7%D9%86/)

کورد لە سایەی نەبوونی فەرهەنگێکی نوسراودا ئەگەری لەدەسچوونی زانیارییەکانی لێدەکرێت، چونکە وەک ئاماژەی بۆکرا هەر توخمێکی زمانیی چوار زانیاریی لە خۆیدا گەنج دەکات.

**ئەرشیفکردن لە دەقی ئەدەبییدا**

ئەرشیفیکردن لە دەقی ئەدەبییدا بە چەشنێک لە ئەرشیفی نوسراو دادەنرێت. ئەزموونی دەربرین بە زمان لە لای کورد بە ئەدەب/شیعر دەستپێکردووە. ڕاستە ئەدەب/شیعر بەشێک لە زانیاریی زمانیی و بەشێک لە ئاوەزمەندیی کوردیی دەردەبڕێت، بەڵام تۆمارکردنی بەشێکیش لەوانە بە ئەرشیفکردن هەژمار دەکرێت. هەر خۆی لە خۆیدا نوسینی شعیر بە زمانی کوردیی و تۆمارکردنی وشەکان بە کوردیی واتا تۆمارکردنی کۆی ئەو زانیاریانەی لە (٢)دا خرانە ڕوو، بەڵام لەبەرئەوەی شیعریەت و هێزی شیعر بە پلەی لادانەکانەوە بەستراوەتەوە/میتافۆرییە) تا لادانەکان زیاترو زۆرتر بن، زیاتر شیعرییەت بەرجەستە دەبێت. بڕوانە :

http://www.nashiri.net/articles/literature-and-art/4007---v15-4007.html)، بۆیە ئەگەری تێکشکاندن و لادان لەو زانیاریانە هەیە، چونکە شیعر بەرهەمێکی تاکلایەنانەیەو پێشبینیی هەژموونی ئەکسێنت و زانیاریی شاعیری لێدەکرێت. ئەوە جگە لەوەی شیعر لەژێر پێوەر و بنەمای شیعرییدا (مۆسیقاو وێنە)، بنەماکانی زمان و زانیارییەکان دەخاتە خزمەتی شیعرییەتەوە. زۆرجار تۆماری فۆنەتیکییانەی دەقێکی شیعریی لە سەرێکەوە بۆ مۆسیقایە، لەسەرێکی ترەوە دەربڕی ئیدۆلێکت/ ئەکسێنتی شاعیرەکە دەبێت. نموونە شیعرییەکەی گۆرانی شاعیر لە (٦) بەتەواوی هەژموونی مۆسیقا لە بەرجەستەکردنی فۆنەتیکییانەی وشەکاندا دەردەخات، چونکە زۆرجار نوسینیی فۆنۆلۆژیانە کار لە مۆسیقاو بگرە کێشی شیعرەکەش دەکات.

٦) هەرچەن ئەکەم........

ئەمویست دەروون بکرایەوە.........

تیژگێک ئەدا ڕووناکترە لە هەتاو

هێڵبەژێراهاتووەکانی نموونەی (٦) لە لایەکەوە تۆمارێکی فۆنەتیکییانەی، لە لایەکی ترەوە دەرخەری ئەکسێنتی سلێمانییانەیە. لەگەڵ ئەوەشدا شاعیر لە تۆماری فۆڕمی [تیژگێک]دا دنیابینی زمانی خۆی بۆ بەرجەستەکردنی ئەو فۆڕمە دەربڕیوە، هەرچەندە بە پێی قۆناغی سینکرۆنیش فۆنۆلۆژیی فۆڕمەکە /تیشکێک/ نەک [تیژگێک]، واتا /ش/ بە قۆناغی دیاکرۆنی-سینکرۆنی بووە بە [ش] نەک بە پێچەوانەوە، بڕوانە گۆڕانی دایاکرۆنی_سینکرۆنی(/دوشمن/ بۆ [دوژمن])، (/بەشدار/ بۆ [بەژدار]) .

وەک ئاماژەی بۆکرا، لەبەر ئەوەی زمانی شیعری میتافۆرییە، زۆرتر ڕاو تەقەلای شاعیر دەردەبڕێت، بۆیە مەگەر لە ڕێی فۆڕمە میتافۆرییە تۆمارکراوەکانەوە بچینەوە بۆ زانیاریە گەنجکراوەکانی (٢)، ئەگەر نا دەربراوەکە لە ئاوەزی شاعیردا واتای میتافۆرییە، بەڵام بۆ فەرهەنگنووس و ئەرشیفساز زانیاریە زمانییەکانی دەهێنرێتەوە کایە. لەو ڕوانگەیەوە گەر بڕوانرێتە ئەو بەیتە شیعرەی هێمنی شاعیر لە (٧)دا، ئەوا ئەگەرچی وشەی <بابردەڵە> ی بە واتای میتافۆریی بەکارهێناوەو لە کۆی زانیاریە زمانییەکانییدا واتای لاوازیی دەرهێناوە، بەڵام ئەو فۆڕمە وەک وشەیەکی ناو زمان بە کۆی زانیارییەکانەوە ئەرشیف دەبێت. بۆ نموونە وشەکە لێکرژاوە derivational compounds هەمان یاساو دروستەی مۆرفۆلۆژیی سەرمابردەڵەی هەیە، ناوی شتەو لە مانگی پوشپەڕدا لە سروشتدا دەردەکەوێت، وشەکە تەرزە مۆرفۆلۆژییەکەی بۆ پاراستنی ئانالۆژییەکەی گرنگ دەبێت .

سەرەڕای ئەو وشەیە شاعیر <گردەنشین>ی لە دەقەکەدا ئەرشیفکردووە، ئەگەرچی ئەمیشی بەواتای میتافۆرییەوە، کە مەبەست لێی کەسێکی کۆماوەو لەپەلوپۆکەوتووە، بەڵام وەک ئاماژەی بۆکرا لە وشەلەدا زانیاریی زمانیی ئەرشیفدەبێت. بۆ نموونە پەیوەست بە زانیاریی مۆرفۆلۆژییەوە، ئەگەرچی وا دەردەکەوێت، هەمان دروستەی (گوندنشین و لادێنشین) هەبێت، بەڵام دروستەکە <گردە+نشین>، بەڵام <گردە> کە ئاوەڵناوە، ئاوەڵناوەکە بە یاسای مۆرفۆلۆژیی (ئاوەڵناو+ە) بووەبە ناو(بڕوانە چاکە، خراپە، جوانە،.....)، بەوەش وشەکە دروستەیەکی لە چەشنی [[گرد]+ە]+نشین]، کە دروستەیەکی کەمبەرهەمی تاکوتەرایەو دەقەکە پاراستوێتی(یاسا مۆرفۆلۆژییە کەمبەرهەم و تاکوتەراکان لە زماندا ئەگەری مانەوایان کەمە، جاری واهەیە وشەیەک یاساکە دەهێڵێتەوە. بۆ نموونە نانەوا پارێزەری یاسای [N + ەوا]ە، چونکە یاساکە بە چەمکی پیشەوە تەنها ئەو بەرهەمە مۆرفۆلۆژییەی هەیە).

٧) بۆ منی بابردەڵەی گردەنشین

بۆ منی دڵ پڕ لە ناسۆرو برین

## ئەرشیفکردن لە بەرهەمەکانی عەلادین سەجادییدا

وەک ئاماژەی بۆکرا ئەگەرچی دەق شیعریی، بە تایبەت بۆ کورد، بوارێکی ئەرشیفکردنە، بەڵام دەق پەخشانی ئەگەرچی ئەزموونێکی کەمترە، بەڵام بۆ ئەرشیفکردن ڕۆڵی تایبەت بە خۆی هەیە. ئەویش لەبەرئەوەی پەخشان زۆرەملێی لە دەربڕینی خاوەن ڕەوانبێژی/ وێنەو مۆسیقاو میتافۆریی نییە، لەو بارەیەوە بڕوانە: ( https://mawdoo3.com/). بۆیە لە دەقە پەخشانییەکاندا ڕێژەی ئەرشیفکردنی زمانی تەنانەت نازمانییش زۆرترە. لەو ڕووەوە عەلادین سەجادیی لە دەقە پەخشانییەاکنییدا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە. نوسەر توانییویتی خەرمانێک لە زانیارییەکانمان بۆ ئەرشیف بکات. فرەڕەهەندیی تۆماری زانیارییەکان لای ئەو نوسەر وادەکات لە هەنگاوی توێژینەوەکەدا سنوور دابنرێت.

## ئەرشیفی فۆنۆلۆژیی

وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا توخمی فۆنۆلۆژیی کەرتیی و ناکەرتیی هەیە، لەبەرئەوەی هەردوو توخمەکە فەرهەنگیی و ڕێزمانییشی هەیە (بڕوانە محەمەدی مەحویی: ٢٠١٦: ١٤٦)، بۆیە تۆمارکردنی ئەو توخمانە لە هەر پێکهاتەیەکدا(فەرهەنگیی یان ڕێزمانیی) بێت، ئەوا هەم فۆنۆلۆژیی فەرهەنگیی و هەم هی ڕێزمانیش تۆماردەکات (لەسەرەوە بڕوانە: دەست ← دەستگا ← دەزگا). ئەرشیفکردنی هەریەک لەو نواندنانە بۆ زانیاریە فۆنۆلۆژییەکان، کە زانیاریی گرنگی نوسینەوەی فەرهەنگن، گرنگ و پێویستن. بۆیە تۆمارکردنی وشە بە زانیاریە فۆنۆلۆژییەکانەوە لە لای سەجادیی پشکی گرنگیی لە پێواژۆی فەرهەنگسازییدا بەردەکەوێت. جا وەک ئاماژەی بۆکرا جگە لە ئەگەری ئەرشیفکردن، ئەگەری دەربڕینی دنیابینیی زمانیی و زمانەوانیی نوسەرێشی هەیە .

لە گەڕانی ناو دەقەکاندا درک بە جووت_نواندنیی لە نێوان فەرهەنگ و ڕێزماندا دەکرێت. واتا وەک چۆن نوسەر تۆماری فۆنۆلۆژیی فەرهەنگیی هەیە، هەر ئاواش هی ڕێزمانیی هەیە، کە پێشبینیی دەکرێت نواندنە ڕێزمانییەکان بۆ تۆمارکردنی ئەکسێنت بێت. بڕوانە نموونەکانی (٨).

٨ (ا. خوم سەپانی یەکەی مالی اغام گرد بەدەستەوە .

ب. دەستو پێوەنگی حەرەمسەرا بێنینەوە. دەسیشم تونگ شەتەک داراوە.

پ. ماست و دوو/دۆ ، کاسە ماسی سرەتوێ دار (لا ٦٠). دەسمان لە قنگی هامانەی بەتاڵەوە دەرئەچێت. (لا ٦١)

ت. حەمەسەن هەر چۆن بووە خۆت ڕسگار کە. (لا ٦٩)

نموونە هێڵبەژێرداهاتووەکانی (٨) بەشێک لە ئەرشیفە فۆنۆلۆژییەکەی نوسەر، کە تێیاندا بە پێی پێوەرەکانی فۆنۆلۆژیی فەرهەنگیی بەرجەستەکراون، هەندێکیشیان بە فۆڕمە ڕێزمانییەکەیەوە تۆمارکراون. لە نموونەی (٨-ا)دا /گرد/ پەیوەست بەو دەقەو دەق ئێستایی /گرت/ەوە ئەوە دەر دەبڕێت، کە سەجادیی دیەوێت، جگە لە ئەرشیفکردنەکە، ڕای زمانیی خۆی لەو دەقەدا دەربڕێت. دەبێت ئەوە بزانرێت، کە قۆناغەکان بە پێی پێواژۆی ئارخیفۆنێمیی (نیشانەو ئەدگاری هاوبەشی دوو فۆنێمە لە جێکەوتەی بێلایەنبووندا دەردەکەوێت بڕوانە: محەمەدی مەحویی(٢٠٠٨: ٢٢٨)) /د/و /ت/ جێگرەوە/ئەڵتەرناتیفی یەکن. لەو ڕوانگە گەر بڕوانرێتە نموونەکانی [بونیات]و /بونیاد/، [تایت] و /تاید/ ئەڵتەرناسیۆنەکان ڕوونتر دەبنەوە. تۆمارکردنەکەی سەجادیی ئەوە دەردەبڕێت کە /ت/ ئەڵتەرناتیفی /د/ە نەک پێچەوانەکەی، بۆیە ئەو بە /د/ ئەرشیفی کردووە. لە نموونەکانی (٨-ب،پ)دا دوو نواندنیی لە /دەست/و [دەس]، /ماست/و [ماس]دا هەیە، کە لە کۆی دەقەکە پێشبینیی ئەوە دەکرێت، زاڵیتی ئەکسێنت فۆڕمی [دەس و ماس]ی لێبەرهەمهاتبێت. هەرچەندە لە ڕووی دەوروبەری ڤاوڵی /و/ لە /دەستو پێودەنگی/دا پێواژۆیەکی مۆرفۆفۆنۆلۆژییەوە دروستنەکردوە، بۆیە [دەسو پێودەنگی] بەرهەمنەهاتووە، هەمان ڕوونکردنەوە بۆ /ماست/ و [ماس] لە هەمان دەقدا. هەروەها ئەگەر بڕوانرێت <پێوەنگ>و <تونگ> لە (٨_ب)دا تۆمارکردنێکی فۆنۆلۆژیانەی ئەو فۆڕمەیەو پێشبینیی دەکرێت،

دەربڕینە فۆنەتیکییەکەی [پێوەن][pe.wəɳ ] / و [تون] [ɳ tu.] /فۆنۆلۆژیی سینکرۆنیی وشەکەی کردبێت /پێوەند/، بڕوانە (٩)و (بشروانە محمەدی مەحوی (٢٠٠٨: ١٠١)) .

٩) ɳ → پێوەنگ و تونگ نواندنی دیاکرۆنیی
→ پێوەند، توند نواندنی سینکرۆنیی

هەروەها لە نموونەی (٨-پ)دا لە فرێزی {قنگی هامانە}دا لە دەربڕینە ئێستایی و تەنانەت لە تەرزی ئیدییەمیشدا بە {بنی هەمانە} ئەرشیفکراوە، کەچی لە دەقەکەی سەجادییدا (بن ← قنگ) و (هەمانە ← هامانە). کە پێشبینیی دەکرێت، پاڵنەری تابۆ لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناگێکی تر <قنگ>ی کردبێت بە <بن>. پەیوەست بە <هامانە>شەوە، پێشبینییەکان بۆی گۆڕانی فۆنۆلۆژییانەیە /ا/ بۆ [ە]، چونکە بە پێی داتاو نموونەکانی /ئایا/ ← [ئایە] و /ئێستا/ ← [ئێستە] گۆڕانێکی لەو چەشنە بۆ زمانی کوردیی پێشبینیلێکراوە .

لە لایەکی ترەوە لە نموونەی (٨_ت)دا سەجادیی فۆڕمی <ڕسگار>ی ئەرشیفکردووە، فۆڕمە ئێستاییەکەی <ڕزگار>ە. لە ئەنجامی ڕوانیین لە فۆڕمەکە وادەردەکەوێت، /ڕسگار/ فۆڕمە فۆنۆلۆژییەکەی [ڕزگار]بێت، بەهەمان پێواژۆو هەنگاواکانی (٤)دا تێپەڕببێت، بڕوانە /دەست/ لە [دەزگرە و دەزگیران]دا. بەوەش فۆڕمی [ڕزگار] بە سینکرۆنیی بووەتە فۆڕمێکیی فۆنۆلۆژیی، ئەگەرچیی وەک نموونەکانی (٤) پێواژۆی مۆرفۆفۆنۆلۆژیی بەرهەمهێناوە، بەڵام لە ئێستادا سەگمێنتەکانی بەیەکدا چوون و کەرت ناکرێن/ سادەیە. لە <ڕسگار>ەوە بۆ <ڕزگار> پێواژۆ فۆنۆلۆژییەکەیان بەو جۆرەیە، کە /س/ی کپ لەبەردەم /گ/ی گڕدا بووە بە /ز/ی گڕ .

بەڵگەکانی ئاستی فۆنۆلۆژیی کەرتیی وەک مشتێک لە خەرمانی ئەرشیفکردنی ئاماژەی بۆکرا. ئەرشیفی فۆنۆلۆژیی ناکەرتیی لە لای سەجادیی گرنگیی دانە بە تۆماری ئەکسێنتیی. ئەگەرچیی ئەکسێنت سەگمێنتێکی بەرجەستەی نییە، بەڵام لە نێو دەقەکاندا بە سانایی هەستییان پێدەکرێت. زمان جگەلەوەی پێویستیی بە ستانداردێکی نوسینە، بەڵام لە چێوەی تۆمارکردنی فەرهەنگە نەتەوایەتییەکەیدا جێ بۆ فەرهەنگ و ڕێزمان و هەمەجۆریی کەلتووریی و کۆمەڵایەتییش دەبێت. تۆماری ئەکسێنت و فرەئەکسێنتیی بۆ ئەرشیفکردنی ئەو هەمەجۆرییەیە. لەو ڕوانگەیە سەجادیی لە ئەرشیفکردنەکەیدا ئەو هەمەجۆرییەی بۆ تۆمارکردنی ئەکسێنت و جوگرافیای ڕووداوی بەسەرهاتەکانێتیی، بە جۆرێک ئەرشیفکردنەکە پارێزەریی هەمەجۆرییەکەیی. بڕوانە نموونەکانی تۆمارکردنی ئەکسێنت لە (١٠)دا!

١٠)

ا. تۆمارکردنی قسەی کابرایەکی خێڵی جاف، ئەڵێ: برا چی بوێ؟ پیاو بوو کوژریا، ماڵ بوو بریا، دێ بوو سووتیا، ئیتر چی ما! https://books.vejin.net/ck/text/23861

ب. خانزادەخانی هەریری وتوویە ((لە دەوری ئەو پیاوە ئەگەڕێم کە بەنەوخۆنەکەی درێژە و بەنی کالەکەی کورت)) https://books.vejin.net/ck/text/23864

پ. کابرایەکی لەیلاخی تووشی کابرایەکی گەڵباخی بوو لێی پرسی: برا ناوت چەس؟ وتی: یووسف. ئەمیش پێی وت: برای عازیز یوڵفس، فرە خاسی شوکر؟ توخوا برا ناوی باوکت چەس؟! ئەویش پێی وت: وە ڕیش باوکتەوە، ناو خۆمت خاس زانی، جا نۆرەی ناو باوکمە! https://books.vejin.net/ck/text/23890

ت. مەلا عیسای هەرتەل هەبوو جارێک ئەیوت: خوڵای گەلێ ئیشی وا ئەکا ئەزی تیا شەرمەزار ئەبم https://books.vejin.net/ck/text/23907 !

ج. کابرایەکی هەورامی وتی: ئیمڕۆ هەنی فرەم واردەن. کابرای هاوڕێی وتی: جە کۆ گەیانەت وێران بوو؟ وتی: جە ماڵوسانی؛ سان جە باڵەخانەیەکی مەواردش، توێکڵەکەش فڕێ مەدا، زۆرا بوو خزمەتکاری مەکرانەوە، منیچ کرناو کرناوم کەردەن! هەنی شووتیە. https://books.vejin.net/ck/text/23950

ئەرشیفکردنی ئەکسێنت و دەربڕینە ناوچەییەکان لە (١٠)دا لە چێوەی فەرهەنگی نەتەوەیی و بواری زانستیی دیالێکتۆلۆژییدا سودیی تایبەتی دەبێت. بە تایبەت لە دەمێکدا کارکردن و نوسیین بەو ئەکسێنتانە کەم و دەگمەنە. هەروەها تا قۆناغی دیاکرۆنیی ئەو ئەکسێنتانە تۆمارنەکرێن، پەی بە گۆڕانە سینکرۆنییەکان نابرێت.

## ئەرشیفکردنیی ئیدیەمیی و وشەیی

یەکێکی تر لە ئەرشیفکردنەکانی ناو دەقکانی نوسەر، دەربڕینە ئیدیەمییەکانە. زمانی کوردیی سەرباری لێکسێمە فەرهەنگییەکانی، بەلێکسێمبووی ئیدیەمیشی هەیە، بۆیە هیچ دەقێک تەنانەت قسەی ڕۆژانەی ئاخێوەریش لە ئیدییەم خاڵێ نییە.

بۆ زمانی کوردیی ئیدیەم دوو ڕوانگەی هەیە: (ا) زانیاریی ئیدیەمیی ناو توخمەکان، (ب) توخمەکە بە نواندنە مۆرفۆلۆژیی یان سینتاکسییەکەیەوە دەبێتە ئیدییەم. بڕوانە مۆرفۆئیدیەمی <پیس> لە (١١)دا جێبەجێکردنەکە لە (عبدالجبار مستەفا مەعرووف(٢٠٢٠: ١٢٥))ەوە وەرگیراوە .

١١) پیس → دەم پیس ( کەسێک کە دەمی پیسی
→ پێوەبێت)

ئەرشیفکردنی ئیدئەمیی لە دەقەکانی نوسەردا پەیوەستە بە دەرکردەی ئیدیەمییەوە نەک زانیاریی ئیدییەمیی توخمەفەرهەنگییەکان/ مۆرفۆئیدییەمیی، چونکە نوسەر تەقەلای خۆی بۆ داڕشتنی میتافۆڕیی/ئیدییەمیی نەخستۆتە گەڕ، ئەویش لەبەرئەوەی زمانەکە خۆی ئیدیەمییەو نوسەر تەنها تۆماریکردوون. بۆیە توێژینەوەکە گرنگیی بە تۆماری ئیدیەمیی دەدات و بەڵگەو نموونەکان لەو بوارادا دەهێنێتەوە. لە (١٢)دا ئەو ئیدییەمانە دەخرێنە ڕوو، کە لە کورتە چیرۆکی (ڕۆنە زەنگی حەمە سەن)دا ئەرشفکراون، بەرهەمەکە لە تەموزی ١٩٤٦دا لە گۆڤاری گەلاوێژدا بڵاوکراوتەوە، بڕوانە.https://books.vejin.net/fa/text/9908 :

١٢ (سەرەتاتکێمانە دەرویەکمان لێ بکرێتەوە، تۆزێ اهی سکمان لەو هەمو ماست و دوو و بەرەکەتە کە خوا بەم مالاتەی داوە بشکێ، دەستمان لە قنگی هامانەی بەتاڵەوە دەرئەچێت، بە دوای گاڕانەکەدا هەڵکوت هەڵکوتێتی، ئەگەر چنگم کەوەت، گیاڕەشەی بەهارە، نانودۆیەکی نەمرو مەژیمان لەم حاڵەوە پێکەوە ناوە، شتێک دەستکەوێ کونێکی پێ بگریت، شەوو ڕۆژ شانوقوڵ دەکوتن، کەچی نانتان بە دوو نابێت، ساڵ دوانزە مانگەی خوا بەملاولادا هەڵپە ئەکەین، دەناوی خوامان لێ هێنا، دڵی هەزار دڵ حەیرانێتی، گیا سوار تیا ون ئەبێت، پیرە گیا، چەپێکم لە حەمەڕەشی

پورزام نەگەڕابووەوە، کۆڵی هەجیجی، پێمان لێکرد بە پشتا بەرەو هەولێر، سەرولوی بەرگیان لێکرد، ئاوی زۆردار سەرەو ژوور ئەڕوا، گەنمەکە دەستی هێنابوو بە خۆیا، با لە ئاسمان برا، دەسەوسان دانیشتم، بە هەناسەساردی گەڕامەوە بۆ ماڵەوە، با دەستمان لە یەک بێتەوە، وەکو کێچ ڕاپەڕیم، ڕسگار کە لە چنگیان، بەگیش کە ئەمەی دی ئاگری تێبەربوو، کەوتمە بەحری خەیاڵەوە، ......

بە پێی ئیدییەمەکانی (١٢)، تەنها لەو کورتە چیرۆکەدا (٢٨) دەربڕینی ئیدیەمی هەن، وەک پێشتر ئاماژەی بۆکرا بەرهەمی ئاوەزی نوسەر نین، بەڵکو لە ئاوەزمەندیی خەڵکەوە وەرگیراون، بەوەش: (ا) لە ڕێی ئیدییەمەکەوە ئاوەزمەندیی خەڵکی ئەرشیفکردەوە، ئەوەش بۆ دیاریکردنی گۆڕان و دنیابینی لە ئاوەزی کۆمەڵدا گرنگ دەبێت، (ب) لە ناوەخنی ئیدییەمەکەدا کەرەستەو توخمی مۆرفۆیدیەمی هەڵگیراون، کە ئەوانیش جگە لە نرخی فەرهەنگیی، هەر لە ناوەخنەکەیدا توخمەکە هەڵدەگرێت و ئەرشیفی دەکات، ئەویش بەوپێیەی ئیدیەم دەربڕاوێکی چەسپاوەو کەرەستە ناوکییەکانی زۆر کەم گۆڕانیان بەسەرا دێت. گەر لەو ڕوانگەیەوە لە ناو ئیدییەمەکاندا بڕواندرێتە <کۆڵی هەجیجی> بەهۆی دەقەئیدییەمییەکەوە دەربڕاوێکی ئەرشیفکراوە. هەر لەو ڕوانگەیەوە بڕوانە ئەرشیفکردن و پاراستنی <چەکمە> لە: <ماڵی خۆنەخۆر بۆ چەکمەبۆر>و هەروەها <دوێتە> لە: <دایک بیینەوە دوێتە بخوازە>دا.

وەک پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، بەرجەستەکردنی وشە لە دەقێکی ئەدەبییدا، بۆ تۆماری فەرهەنگیی و ئەرشیفکردنی داتاو نموونەکانی پێش_فەرهەنگنووسیی گرنگ و پێویستە. لەو ڕوانگەیەوە سەجادیی لە دەقەکانییدا وشەکانی <سیپاوڵە، پرکێش، چەوریەسانا، سەلەم، گیاساڵە/ ساڵە، مەجیدی .....>[١] تۆمارکردوون https://books.vejin.net/fa/text/9908، کە جگە لە زانیاریی واتایی، زانیاریی زمانیی دیکەشیان تێدایەو بوهۆی ئەو دەقانەوە ئەرشیفکراون.

## ئەنجام

ئەرشیفکردن سەرڕای ئەوەی پرۆسەی تۆمارکردنی داتایە بە نوسین، خودی زمانیش لەناو دروستەکانی خۆیدا بەدرێژایی هەبوونی، خۆی وشەو کەرەستەکانی ئەرشیف دەکات و نواندنی فۆنۆلۆژیی و ئانالۆژیای مۆرفۆلۆیی و واتای فەرهەنگیی و کۆمەڵایەتیی لە توخمەکانییدا هەڵدەگرێت.

نوسینی ئەدەبیی ڕێگایەکی گرنگی ئەرشیفکردنە، ئەگەرچی شیعر (بەتایبەت بۆ کورد) بەشێکی گرنگی ئەو ئەرشیفکردنەی بەردەکەوێت، بەڵام پاڵنەری ئیدیۆلێکتی و دەربڕینی میتافۆڕیی وادەکات، کە زانیارییەکان تاکلایەنانە بن، بەڵام توخمکە بۆ فەرهەنگساز بە زانیاریی فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی و واتاییشەوە کاری لەسەر دەکرێت.

لەبەر نەبوونی فەرهەنگی نوسراو(Lexicon) و تۆمارنەکردنی زانیارییەکان لە کات و دەمی خۆیدا، ئەگەری لەدەستچوونی زانیارییەکان و گۆڕانیان زیاتر دەبێت، چونکە لەناوچوونی توخمێک، لەناوچوونی کۆی زانیارییەکانێتی.

[١] سیپاوڵە: نەزانراوە، پێشبینی دەکرێت، جۆرێک بێت لە بەرونوێن. پرکێش: گرانفرۆش، چەوریاسا: نەزانراوە، سەلەم: پێشفرۆشی، ساڵە: گیایەکی بەهارییە، بۆ چارەسەر بەکاردێت، مەجیدی: پارەیەکی سەردەمی عوسمانییە.

دەقە ئەدەبییەکانی سەجادیی جگە لە ئەرشیفکرنی توخمی فۆنۆلۆژیی کەرتیی، هەوڵی تۆمارکردنی ئەکسێنتی ئەوەدەمەی ناوچەکانی کوردستان داوە. هەروەها لە دەقەکانیدا دەربڕاوی ئیدیەمیی و کەرەستەی مۆرفۆئیدیۆمیی لە ناو ئیدییەمەکاندا ئەرشیفکردووە. سەرەڕای ئەوەی ئەرشیفکردنی وشەیی لای سەجادیی پانتایی تایبەتی هەیەو ئەوەش بۆ فەرهەنگساز تۆمانکردنی گشت زانیارییەکانی ناو توخمەکە($X^0$)دەبێت.

## سەرچاوەکان


١. دڵشاد محەمەد غەریب (٢٠١٩)، هێزو ئەکسێنت لە شێوەزاری کەرکوکدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانیی.

٢. محەمەدی مەحویی (٢٠٠٨)، فۆنەتیک و فۆنۆلۆژیی، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانیی، سلێمانیی

٣. محەمەدی مەحویی (٢٠١٦)، مەنامە، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانیی، سلێمانیی

4. https://www.oxfordhandbooks.com/view/10.1093/oxfordhb/9780190610029.001.0001/oxfordhb-9780190610029-e-18.
5. https://abadis.ir/fatofa/%D8%AC%D9%88%D8%A7%D9%86/
6. https://mawdoo3.com/
7. http://www.nashiri.net/articles/literature-and-art/4007---v15-4007.html

سەرچاوەی داتاو کەرەستەکان

https://books.vejin.net/fa/text/9908
https://books.vejin.net/ck/text/23950
https://books.vejin.net/ck/text/23907
https://books.vejin.net/ck/text/23890
https://books.vejin.net/ck/text/23864
https://books.vejin.net/ck/text/23861


## الملخص


هذا البحث بعنوان (الارشفة في النصوص الادبية لعلاءالدين السجادي) ، هو محاولة لتحديد لاجتهادات الكاتب في تسجيلات للغوية في نصوصاته الادبية، تحديدا في قصة (رونه زنكى حمه سن) خصوصا محاولاته في ارشيف الفونولوجي وكليمات وعبارات المجازية/ اديومات. استخدم في خطواط البحث المنهجَ الوصفي التحليلي في محاولة لها لتحليل الظاهرة ومنهجيتها.


## Abstract


This research, entitled (Archiving in the Literary Texts of Alaa Al-Din Al-Sajadi), is an attempt to determine the author's interpretations of linguistic records in his literary texts, specifically in the story (Runh Zangi Hama Sin), especially his attempts to archive the phonological and metaphorical words / idioms. In the research steps, the descriptive analytical method was used in an attempt to analyze the phenomenon and its methodology.